
# ئۆرهان پاموک :

# من سیاسی نەبووم




وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: شێروان خدر

* لە رۆمانەکەتدا بەشێوەیەک لە شێوەکان تورکیا وەک وڵاتێکی سوریالی دەبینرێ، کەچی نەتەوەییە عەلمانییەکان و ئەوانی دی ململانێیەکی بەزۆرینەی فیکری بەسەر خەڵکدا ساغ دەکەنەوە، بەقەدەر ئەوەی دەبێت خەڵک مەجبور بن بۆ بەدەستهێنانی ئازادی . ئایا ئەوە ئەم تورکیایەیە کە تۆ دەیناسیت؟

- بەڵێ، ئەو بۆشاییەی لەنێوان ئاگایی کەسێتی من و واقیعی دەوڵەتی شاعیری لەوانەیە ئەو پەشێوییە سەرەکییە لە ناو رۆمانەکەم. وەک چۆن هەن لەوبارەیەوە ویستم بچم بۆ دۆزینەوەی هەردوو جیهان و نووسینەوە. ئەویش تێڕوانینی فیکری رۆژئاوایی جیهانی کە بەشەکەی دی لە وڵات زۆرینەیان هەژارن و لەبیرکراون و هەروەها زۆرینەی فەرامۆش کراو قبوڵیانە. بەڵام بەشەکەی دیکەش زیاتر بە تورەبوون بەرپەرچی دەدەنەوە.

* له رۆمانی (بەفر) گرنگی سەرەکی لەم رۆمانە ئارەزووی زۆرینەی ئافرەتە موسڵمانەکان بۆ لەسەرکردنی لەچک لەناو قوتابخانەکان. — ئەم مەسەلەیەش وروژێنەری پرسیاری هەستیارە لەبارەی دانانی سنوورێک لەنێوان لێبوردەیی ئایین و بەزۆرکردنی ئایین. حکومەتی ئێستای تورکیا جەدەلێکی وروژاند بە هەوڵدانی بۆ یارمەتیدانی دەرچووانی قوتابخانە ئایینییەکان. ئایا ئەمە هۆکارێکی دروستە بۆ ئەوان؟

– سەیرکە. من نووسەرم. هەوڵی چڕبوونەوە لەسەر هەندێ مەسەلە دەدەم لە تێڕوانینی پیاوی دەوڵەت ، بەڵام لە تێڕوانینی کەسێکەوە دەیەوێ لە ئازار و ئەشکەنجەکانی ئەوانی دی تێبگا. باوەڕم بە دارشتنێکی دیاریکراو بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە هەبێ. ئەوەی وا هەست بکات کە وابزانێ چارەسەرێکی ئاسان بۆ ئەم کێشانە هەیە، گەمژەیە. لەوانەیە کۆتایی بەوە بێ ببێت بە بەشێک لەو گرفتە. وابزانم ئەدەب دەتوانێت بگاتە ئەو کێشانە لەبەرئەوەی تۆ دەتوانی بچیتە ناوچەی گوماناوی زیاتر. ئەو ناوچانەی کە کەس خاوەن حەق نییە کەسیش ناتوانێت پێناسەی حەق بکات. ئەمە خۆی وا دەکات نووسینی رۆمانەکان چێژ بدەن. هەر ئەمەشە وا دەکات لەمرۆدا نووسینی رۆمانی سیاسی لەززەت بەخش بێ.

* رۆمانەکەت دەربڕی دڵەڕاوکێییەکی زۆرە لەبارەی ئەوەی ئایا لە توانستدا هەبووە بۆ گەیشتن لە تێگەیشتنی تەواوی بێنەوایی و بێزاری مرۆڤ کە لە رۆژگارێکی نامەئلوف دەگوزەرێنن.

– بە رۆحییەت و ئەخلاقییەتیەوە لە کەسایەتییە سەرەکییەکەی خۆمەوە نزیکم. کاتێک ئەو رۆدەچێتە ناو هەژارترین چینەکانی کۆمەڵگای تورکی، دەکەوێتە ناو داوی نواندن و قسەکردن بەناوی ئەوانی دی. سەبارەت بە هەژارترین خەڵکەوە. ئەو دەزانێت ئەم قەزیانە ئیشکالییەتە. لە راستیدا بەوە کۆتاییان دێ ببن بە بێ ئەخلاق: کێشەی نواندنی هەژارەکان، کە ئاکتەر نین ، هەتا لە ئەدەبیشدا لە رووی ئەخلاقییەوە ترسناکە. بۆیە ئا ئەمە رۆمانی سیاسییە، لەو پشکدارییە بچووکەم- ئەگەر رەسانەیتم دۆزییەوە دەبێت زۆر سادەو ساکار بم- بۆ کەمێک ئاوەژووکردن و هەروەها نوێنەرایەتی هەژارەکان دەبێ ببێ بە بەشێک لە ئەدەبی چیرۆک.

* چۆن وات لێهات ببی بە نووسەری رۆمانی سیاسی.

– بەر لە 20 ساڵ کاتێک دەستم بە نووسین کرد، سیاسی نەبووم. نەوەی پێشووی نووسەرانی تورک ئەوان بەڕاستی سیاسی بوون، ئەوانەی زۆر گرنگیان بە ئەخلاقیات دەدا. لە بنەڕەتدا ئەوەیان دەنووسی ناویان نابوو نابکوف (توانجی کۆمەڵایەتی). وام هەست دەکرد ئێستاشی لەگەڵدا بێت کە ئەوە جۆرێکە لە زبڵدان کردنی هونەرەکەت. بەر لە بیست، بیستو پێنج ساڵ من تەنها باوەڕێکی تەواوی (رادیکالی)م هەبوو، هێنری جایمس ناوی لێنابوو (هونەری مەزنی رۆمان) بەڵام دوابەدوای ئەوەی لە دەرەوەو ناوەوەی تورکیا ناوبانگم دەرکرد، خەڵک وای لێهات پرسیاری سیاسی بکەن و داوای وتەی سیاسیم لێبکەن. منیش وامکرد، چونکە هەستم کرد کەوا دەوڵەتی تورکیا دیموکراتییەت و مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتدا لەبار دەبات. بۆیە لە دەرەوەی کتێبدا شتم کرد.

* وەکو چی؟

- نووسینەوەی یادەوەرییەکان، ئامادەبوون لە کۆڕە سیاسییەکان، بەڵام بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئەم وتانەم لە دەرەوەی کتێب دانا. ئەمەش وای لێکردم بەجۆرێک لە جۆرەکان ئابڕووتکاو بم. دەستم کرد بە خۆتێوەگلان بەجۆرێک لە شەڕی سیاسەت دژ بە دەوڵەتی تورکیاو دام و دەزگاکانی. کە دەیان ساڵ بەر لە ئێستا زیاتر لایەنگیری نەتەوەپەرستی دەکا. هەرچۆنێک بێت بەخۆمم گوت، باشە بۆچی تەنها بۆ جارێک هەڵنەسم بە نووسینی رۆمانی سیاسی، ئەوەی لە دڵمدا هەیە نەیخەمە روو؟

* لە بڵاوکردنەوەی رۆمانی "بەفر" لە تورکیادا رووبەرووی هیچ تەنگ و چەڵەمەیەک بوویتەوە؟

- بەر لە بڵاوبوونەوەی رۆمانی بەفر بە هاوڕێکانم و بە بڵاوکەرەوەکەم گوت من لە تەواوبوونی نووسینی کۆتایی رۆمانێکی سیاسی رەوانم ، پێویست بەوە دەکات نیشانی پارێزەرانی بدەین.؟ گوتیان: نا نا نا ئێستا تورکیا هیواخوازە بۆ پەیوەندی کردن بە ئەوروپا تۆش ئێستا لە ناوەوە بەناوبانگیت – لە رووی جیهانیشەوە – تۆ پێویستت بەوە نییە ئەمە بکەیت. باشە . لە ماوەیەکی کەم کتێبەکەم تەواو بوو دام بە بڵاوکەرەوەکەم. گوتم : ئا ئەمە کتێبەکەیە. دوای هەفتەیەک گوتیان کتێبەکەمان خوێندنەوە و جێگای سەرنجمان بوو. بەڵام رازی بوونی منیان پێویستە بۆ نیشاندانی بە پارێزەر. ئەوان لەوە دەترسان بچێتە بەردەم دادوەری گشتی و دەستی بەسەر دابگرێت پێش بڵاوبوونەوەی. چاپی یەکەم سەد هەزار دانە بوو. ئەوان بە پلەی سەرەکی لەلایەنی ئابوورییەوە ترسیان هەبوو. بۆ نموونە ئەوان کتێبەکەیان لە ترسی دەست بەسەر داگرتن لە گۆشەیەک دانا. توانیان چەند دانەیەک بۆ خۆیان هەڵبگرن. ئەو بیرکردنەوە رەشبینانە روویان دا. لە راستیدا وڵات ئەم کتێبەی بەجددی گفتوگۆ کرد. نیوەی سیاسییە ئیسلامییەکان و لایەنگرانی سوپا هێرشیان بۆم هێنا. لەگەڵ ئەوەش من دەربازم بوو، هیچ شتێکم بەسەر نەهات. لە راستیدا ئەوەی من دەمویست ئاراستەکان وابوون. هەندێ لە رادیکاڵە ئیسلامییەکان بە بیرکردنەوەیەکی سادەوە رەخنەیان لە کتێبەکە گرت. بۆ نموونە "تۆ لە هەوڵی وەسفکردنی ئیسلامییەکانی، بەڵام دەبێ بزانیت ئیسلامییەکان سێکس لەگەڵ ئافرەتێک ناکات کە زەواجی لەگەڵ نەکردبێ" لە بەرامبەردا ئیسلامییە لیبراڵەکان بەختەوەر بوون بەو تەنگ پێهەڵچنینانەی لەلایەن سوپای تورکیاوە هەر هیچ نەبێت باس کراون.

* بەم دوا دواییە جۆرج بۆش لە ئەستەنبوڵ بوو لەکاتی ئامادەبوونی لە لووتکەی رێکخراوی هاوپەیمانانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) ئاماژەی بەتۆدا (بە نووسەری مەزن) ئەوەی کە یارمەتیدەر بوو بۆ بەرپەچی ئەو بۆشاییەی لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا. بە ئاماژەدان بە وتەکانت لەبارەی خەڵک کە لە زۆر شوێنی جیاوازی جیهان لە یەکدەچن. بەرگری لە هەوڵەکانی ئەمریکای کرد لە یارمەتیدانی خەڵک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە چێژوەرگرتن لە "مافی بەدەستهێناویان لە ئازادی لەوکاتەی کە لە دایک دەبن" ئایا لەو بڕوایە دای کە ئەو لە مەبەستی تۆ گەیشت بێت؟

- وابزانم جۆرج بۆش بەم جەنگانەی ناوبڕێکی زۆر گەورەی لەنێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا دروست کرد. کۆمەڵگای ئیسلامی بەبێ هیچ هۆیەک لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای تورە کرد، لەراستیدا لە رۆژئاوای

تورە کردن. ئەمەش دەستپێکی ڕێگایەکی کاولکارە، مۆرکی ئازارو توندوتیژی کە پێویستی نەدەکرد لەلایەن زۆرینەی خەڵک دروست کرد. ئەمەش دەبێتە زیاتر هەڵچوونی پەشێوی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا.

* رۆمان کە فۆرمێکە پێتوایە تا ئێستا لە رۆژهەڵات، یان لەمەودایەکی بەرفراوانتر بەدەر لە جیهانی رۆژئاوا ساغ و سەلامەت بێت، یان هەست دەکەیت کەوا تۆ هەڵدەستیت بە ئەنجامدانی شتێکی ئاسایی؟

- نەخێر، هونەری رۆمان ساغ و سەلامەتە. دەژی، زۆر لە نەرم و نیانی پێوەدیارە. من باوەڕدارم کە لە رۆژهەڵاتدا بەردەوامبوونی دەبێ، هەروەها لە ئەمریکاو ئەوروپاش. بەڵام داهاتوویێکی زۆر سەیرو نوێی دەبێ لە وڵاتانی وەک هیند و چین کە لەوێدا چینی ناوەڕاست لە زیادبوونێکی چاوەڕواننەکراودایە. ئەم چینە ناوەندە نوێیانە دروستییەکی بەهێز لە گرفتی ناسنامە دەبەخشن لەم وڵاتانە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەتەوەکانیان کە رووبەڕووی ناسنامەی رۆژئاوای تایبەت بە ئەوروپا و رۆژئاوا دەبنەوە. سەرباری رۆژئاییی بوونیان، لەوکاتەشدا رووبەڕووی بەرەنگاری گەلانی هەژاریان دەبنەوە. وای بۆ دەچم بەسەرلەبەری هاتنە کایەی رۆمانی تازە لە رۆژهەڵات لەو بەشەی جیهان کە (هیند و چین)ە، لە ماهیەتی بەشەکانی ئەم چینە ناوەندە دەرکەوتووانەی لە هیند و چین . بێگومان لە تورکیاش. دیسان دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی پەشێوی لە نێوان تازەگەری رۆژهەڵات و رۆژئاوا.

* رۆمانی (بەفر) لە خاڵێکەوە ئاماژە بە شینایەتی ئیسلامی رادیکال دەدات کە باشترە لەو شتەی ئەمریکا بە جیهانی داوە ئەویش مارلبۆرۆی سوورە. ئایا لەگەڵ ئەمە کۆکیت؟

- لە کاتێکی زووی لاوێتیم خووم بە جگەرە کێشانەوە گرت. ئێمە چێژە تایبەتییەکانمان دابەش کردووە بەسەر کەسایەتییەکانمان. ئەمەش یەکێکە لەو رووناکیانەی نووسینەوەی چیرۆک.

سەرچاوە: http://www.mdaad.com/vb/showthread.php?t=6470

لەلایەن (سارا ئەلغامدی)یەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی.